# جەلال تالەبانی ناوێرێ نەوەک نمەک حەرام بێ....

سیامەند شارباژێری

**April 11, 2005**

**ماڵپەڕی ((پەیامنێر)) لە رۆژی 10ی نیسانی 2005 دا هەواڵێکی لە دەم رۆژنامەی(الشرق الاوسط) وەرگرتوە کە تیایا جەلال تالەبانی سەرۆک کۆماری تازەدانراوی عراق لە بارەی دادگایکردنی سەددام حوسێن وە ئەڵێت :**

دەربارەی ئەگەری لەسێدارەدانی سەدامیش گوتی "من یەك لەو پارێزەرانەم کە بانگەوازی نێودەوڵەتیی دژی سزای لەسێدارەدانم لە سەرانسەری جیهاندا ئیمزا کردووە، بۆیە ئەگەر لەلایەن دادگا عێراقییەکانەوە سزای لەسێدارەدان بۆ سەرانی دەستگیرکراوی بەعس دەربچێت، بۆ من دەبێتە کێشەیەکی تایبەتی" .
مام جەلال هەروەها روونی کردەوە کە دەرکردنی بڕیاری لێبوردن بۆ سەدام لە دەسەڵاتی ئەودا نییە، بەڵام گوتی "ئەگەر سزای لەسێدارەدان دژی سەدام بدرێت، نازانم چی بکەم"

**هەروەها جەلال لە قەناتی تەلەفیزۆنی anb ی لوبنانیدا، پێش رووخانی سەددام وتی : من قەت هیوا ناخوازم سەرۆک سەددام لە قەفەزی ئیتهاما ببینم , هەروەها وتی کە عایلەویەن?? لە گەڵ سەرۆک سەدداما تێکەڵاون .... هتد**

**مێژوی رەشی جەلال تالەبانی لە ناو شۆرشی کوردا کە زۆر ئاشکرا و رونە ، وەک فارس ئەڵێن" یک چیز کە عەیانە چ حاجەت بە بەیانە " بەڵام ئەوەی کە من ئەمەوێ بپرسم ئایە ئەو ئیمزایەی تازە کردوە ؟؟ و لە کوێ کردویّتی چونکە رۆژێک لە رۆژان جەلال تالەبانی پیشەی پارێزەری نەکردوەو لەو رۆژەوە لە ناو شۆرش و ئەمبەرو ئەوبەرەکەیا دەیا ن کەسی شۆرشگێرو نیشتمان پەروەری کورد و تەنانەت ئەو عەرەبی شیوعیانەی دژی سوددام بوون بە فەرمانی یان بە ئاگادری ئەو یان تیرۆر کراون یان بە ئەسیری لە سێدارە دراون , وا لێرەیا من لیستەیەک لەو ناوانەی کە لە خەیاڵما ماوە بڵاوئەکەمەوە:**

1. **حەمەی حاجی سالح (مسولی سلێمانی پارتی) لە بەکرەجۆ لەسێدارە دراوە**
2. **شەفیق احمد ئاغا چەلەبی(نوێنەری ملا مستەفا لە سلێمانی (پارتی) لەسەر جادە لە سلێمانی تیرۆر کراوە**
3. **عبدولی سوران( ئەندامی لیژنە مرکزی پارتی) لەسەرجادە لە سلێمانی تیرۆرکراوە**
4. **سدیق امین-سدیق افندی(ئەندامی لیژنە مرکزی پارتی) لەسەرجادە لە سلێمانی تیرۆرکراوە**
5. **نوری حەمەعلی ( ئامر بەتالیون پارتی) لەسەرجادە لە سلێمانی تیرۆر کراوە**
6. **ملازم تایەر نایلۆن لەسەرجادە لە سلێمانی تیرۆر کراوە**
7. **برایم حەمە خورشە (جەلالی) لەسەرجادە لە سلێمانی تیرۆر کراوە**
8. **حسێنی فارس( کاژیک) لەسەرجادە لە سلێمانی تیرۆر کراوە**
9. **قالەی حەمە چاوەش (پارتی) لە سلێمانی تیرۆر کراوە**
10. **بێستون (پاسۆک) بەدیلی لە سێدارە دراوە**
11. **فارس (پاسۆک) بەدیلی لە سێدارە دراوە**
12. **عبداللە سور (حسک) بە دیلی لە سێدارە دراوە**

13. مام ئاراس (حسک) بە دیلی لە سێدارە دراوە و چاوی دەرهێنراوە
14. عەلی حەسۆمیرخان (پارتی) بە دیلی لەسێدارە دراوە و سوتێنراوە
15. عەلی عەبە گۆڕێ بازرگان لەسەر جادە لە سلێمانی تیرۆر کراوە
16. محمد رحیم خاڵە حاجی (حسک) لە سەرجادە لە سلێمانی تیرۆر کراوە
17. نزار ناجی یوسف (شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
18. موید عبدالکریم-حامد-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
19. جعفر عبدلائمە(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
20. حسن احمد فتاح – مامۆستا دارا-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
21. علی عبدالکریم النعیمی –عبیر-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
22. عیسی عبدالجبار –سلمان _(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
23. محمود قادر محمد(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
24. ئازاد عزیز سالح – (شیوعی)سەرسۆر-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
25. خلیل رەزا کەبابچی –بێستون-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
26. مامۆستا قادر بە دیلی لەسێدار بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
27. سربست محمد سالح –فواد- بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
28. ئازاد ئاغوک نادر – لەزگین – (شیوعی)بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
29. عبداللە شمسە –ابو یوسف –(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
30. دارا حسین شریف –قارەمان – (شیوعی)بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
31. عمادشهید هجول –ابو معالی-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
32. خالد کریم علی – هێمن-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
33. محمد امین عبدللە –دەشتی-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
34. احمد بکر ابراهیم –هاوار- (شیوعی)بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
35. عتوان حسین عتییە-ابو علی-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
36. مازن محی الدین کمال الدین(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
37. ستار مستەفا –کاروان- (شیوعی)بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
38. زهیر عمران موسی –سلیم-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
39. سعد علوان هادی –ابو سوفیا-(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان
40. نجم شیخ محمد(شیوعی) بە دیلی لەسێدارە دراوە پشت ئاشان

بەڵام ئەمە دەی ئەخات کە جەلال تاڵەبانی ناوێرێ چونکە کونتراکتێکی نهێنی هەر لە ناوەراستی شەستەکانەوە لەگەڵ سەددام هەیە کە لایان لێ ی تیایا شەرمەزار و نمەک حەرام ئەبێت ئەگینا سەددامێک کە نەک تاوانبارە دەرحەک کورد کە 5000 هەزار کەسی بە گاز لە هەڵەبجە و 180 هەزار ئەنفالکرا و 8 هەزار بارزانی و دەیەها گەنجی فەیلی لە ناو بردوە بەڵکو تاوانبارێکی جیهانیە.